کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
8-4-2007 2:47بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## پەیامێک ... ڕووناک شوانی

ئەوا جاریکی دی هاتنەوە و گەردەلوولی مەرگیان بۆ هێنای، لە ئەشکەوتە تاریکەکانی مێژووی نەگریسیانەوە هاتن، لە سەرەتای ساڵی تازە و بەهاردا گوڵ ونێرگز و نەورۆزیان بە یەکەوە سەربڕی، بزەی منداڵانی شاریان لەگەڵ ڕەنگەکانی پەلکە زێڕینە ئەنفال کرد، وەک سوپاکەی هۆلاکۆ کاغەز و کتێبیان سووتاند، خوێندنگەیان وێران کرد. بەڵێ، ئەوان وا لە خاچمان دەدەن و ئێمەش بە دیار ڕەحمەتی بڕیارە نەزۆکەکانەوە خەوەنوچکێمانە.
تۆیش دڵە زیندووەکەی گەرمیان، ماندوونەناسە دەست و مەچەک نەوتاویەکەی هەرگیز نەسرەوتووم، کێ بێ و لە تۆ بریندارتر، ئاوارەتر و وێرانتر؟؟ من نازانم لە دەروازەی کام زامەوە بتلاوێنمەوە، لایلایەی کام دایکی هەناو سووتاوت لە ئاوازیکی نوێ بۆ دابڕێژم. ئازای ئەندامت هەر زامە و وەک پاڵەوانێکی چەمووش هەر بە پێوە ڕاوەستاوی.
تۆ نە ڕۆژی هێندە دوور بی کە من هەرگیز پێت نەگەم، نە قودسیشی ئاواتێکی بەدی نەهاتووی ژینم بی بە دەم هەنسکی تاسەوە بۆ باوەشت ڕۆژ بکەمەوە. وەلێ هەرگیز چۆک دا مەدە، کەی ئەمە تۆی ئاڵای سپیت هەڵکردووە و دەرگای ماڵت لەسەر گازەرای پشت کردۆتەوە؟؟ چارەنووسی خۆت داوەتە دەست بازرگانە ریسواکانی سەردەمەوە؟؟ چیتر چاو لە دەست هیچ ناکەسێ مەبە، تۆ گەدای دەرگای ئەوان نیت، ئەوان چاو برسین و نوقمی لێلایی ڕۆژی ڕەشی خۆیان بوون. ئەم کۆتانە لە دەست و پێت بشکێنە، سەد و چل نەفرەتیان لێ بکە، بە بێگومان و دوودڵی یاخی بوونی خۆت ڕابگەیەنە، تۆ هەیت یان نیت؟؟ بڕیار بدە دوا بڕیار، ئەم کۆیلەتییە تا کەی؟؟ دڕکە نامۆکان لە جەستەت دەربهێنە و باخچەی ناخت پڕ لە گوڵ و شەوبۆ بکە.
لەم مەرگەساتەوە ژیان دەستپێبکەوە، تۆ ئافەرێنەری ئاگریت، بڵێسەیەک لە مەشخەڵێکی نوێ هەڵبکە، زۆر دەمێکە بڵێسەی ئەم مەشخەڵانەی دەوور و بەرت خامۆش بوونە. ڕابردووی خۆت لە یاد مەکە، تۆ ئەمێستاش هەر ئەو ڕۆڵەی گەرمیانەی کە لە کوێستان بە دەم ئازاری زامەوە سروودی ڕێی خەبات ئەڵێیتەوە.

2007 / 4/6
ستۆکهۆڵم
runakshwani@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.